# راپەڕین و ئایندەبینیی

جەمال پیرە

لە مێژوودا راپەڕینێک نابینین رقئەستووری رابـردوو پاڵنـەری سـەرهەڵدانی نـەبووبێت، نـاکری و نەبووە شار و وڵات و مەملەکەتێک یەکدەنگ بووبن و یەک هاواری تووڕەیی لـە خۆیـەوەگرتبی گـەر نیشانەی پێکراو، رابردوویێکی تاڵی پێشکەش نەکردبی, ئەوەی کە وا دەکـات زۆرینـەی خـەڵکی دژ بـە پەیکەرێک تووڕەبوونی خۆیان بتەقێننەوە، حەتمەن لەئازادابوونی بکەرێکی زەمەنکوژە بـووە بـەوەی کە هەمیشە یادەوەرییەکانی خەڵتانی تاڵیی و مەینەتی کردبی، دیارە گەر رابـردوو چـەمکێکی سـادەی هەستکوژە بێت ئایندەیەکی تەکانبەرەی لیچاوەڕواندەکرێت، هەر کاتێک مانا و مەغزاکانی رابردوو بۆ چەند یادەوەرییەکی نارەحەتانە کورتبووەوە گەر ئایندەکەی گۆڕان و دەستکاریکردنی سەرجەم بونیاد و پێکهاتە لەئاراکانی ژیانی کۆمەڵ بەدوای خۆیدا نەهێنی دەبی دان بەوەدا بنێین کە لە نێـو کەشـێکی ناکامـڵ لــە هۆشـیارییدا دەخولێینــەوە و پێویســتیمان بــە گــەڕانێکی جیــددیئامێز دەبی بــۆ بــە ئاگاهاتنەوەیەکی راستەقینە.

ئەو کاتە مرۆڤ دەتوانی گەیشتبێتە تەواوی مانا راسـتەقینەکانی مرۆڤبـوونی خـۆی کـە تـوانیبێتی دەستکاری سەرجەم ئەو بونیاد و پێکهاتانەی کردبی کە لە رابردوودا تێکـەوتبووین یـا هـەر نـا لـە هەوڵی دەستکاریکردنیان دا بێت، دیارە حاڵەتی ئێستای کورد لەم پارچەیەی خۆیدا لەدوای راپەڕینەوە تاکو ئێستا لەو قالبەدا دەبینرێتەوە کە لە هەوڵی گۆڕانی بنچینەییداین، واتە ناتوانین بڵێین گـۆڕاوین بەو مانایەی کە بونیادێکی نوێی تۆکمەمان هەڵێنجاوە ناشکری پێمانوابی لەوساوە تـاکو ئێسـتا لـە شوێنی خۆماندا زەمەنمان وەستاندووە و لەسەر هەمان عەقلییەتی ئەوکاتە داین، ئەمـە حەقیقەتێکـە گەر تا رادەیەک رێژەییش بێت و کەسانیتر خوێندنەوەیتریان بۆی هەبێت لە واقیعـدا نزیکترینیانـە، لەراستیدا ئاداری ساڵی 1991 بۆ کورد وەرچەرخانێکی وا گەورە بووە رۆحێکـی تـری دا بـەو هەسـتە نیشتیمانپەروەرییەی کە کـورد بـەر لەوکاتـە نموونـەی لـەو شـێوەی بەخۆیـەوە نەیـدیبوو، دەبی رەخنەگرانە لە راپەڕین بڕوانین تا بتوانین بەهۆیەوە ئایندەیەکی تۆکمەتر و ئاسودەتر بەدەستبێنین.

راپەڕین لەگەڵ هەموو ئەو دەستکەوتە کولتوریی و سیاسییەی خۆیدا کە لە راستیدا مێژووین و شایانی ئەوەن شانازیان پێوە بکرێت، چەندین هەلە و نا راسـتی و نائومێدیشـی لـەدوای خۆیـدا دروسـتکرد ئەگەرچی هەڵەو نائومێدییەکان داخوازی راپەڕین نەبوون، بـەڵام یـەکی لـە کاردانـەوەکانی راپـەڕین ئیشنەکردن بوو بۆ دروستکردنی بونیادێکی وشیاریی نەتەوەیی لای تاکی کورد، چۆن؟.

هەمووومان دەزانین بەر لە راپەڕین رۆحی شۆڕشگێڕیی کەسی کوردی پڕبوو لە ئیحساسی خۆشەویستی نیشتیمان، جەربەزەیی و فیداکاریی، دەبوو ئەو تێگەیشتنە سەرکێشانەی مرۆڤی کورد کـە هـەڵقولاوی وڵات و گەلدۆستی بوون دەسـتیان پێوەگیرابووایـە و پتـەوتر و تونـدوتۆڵتر بووایـە و بـەردەوامیی پێبەخشرابووایە، کی هەیە لە ئێمە هەست بە گۆڕانی ئیحساسی نەتەوەیبوونی مرۆڤی کوردی ئەوسا و هـی ئێسـتا نـەکات، هەڵبەتـە دەکـری پێمـانوابی بەشـێکی خـەتاباریی ئـەم حاڵەتـە لەئەسـتۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و رەوڕەوەی مرۆڤایەتیدایە، بەڵام بەشێکی گەورەیش لە ئەستۆی خۆماندا بووە بەوەی کە لەوساوە پایەکانی کوردبوون بەچەندین کۆسـپ وتەگـەرە و ململانێـی ناسـەقامگیردا تێپەڕین و کەوتنەسەرڕێی خۆیان، من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم و مەبەستیشم ئەوە نییە لە گرنگیـی و بایەخی پڕ لە بەهایانەی راپەڕین کەمبکەنەوە بەقەد ئەوەی مەبەستم بەردەوام خوێندنەوەی تر هـەبن

بۆ راپەڕینی جەماوەری کوردستانی بەهاری 1991 ئەمەش لە پێناو گەشاوەتربوونی داهاتوو، لەهەمانکاتدا سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی ئەزموونی 15ساڵی رابردوو.

حەتمەن گەر ئەم 15ساڵەی رابردوو بۆ سەر چەند قۆناغێک دابەشبکەین ئەوا باشتر دەتوانین ئەزموونەکە هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکەین و لەوێشەوە بگەینە دەرەنجامێکی راستتر و شیاوتر بۆ قسەکردن لە رابردوو و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی و پێشبینیکردنی ئایندەش، قۆناغی یەکەمی ئەم 15 ساڵەش لەسەرەتای راپەڕینەوە تا سەرەتای جیابوونەوەی دوو ئیدارەکەی کوردستاندا دەبینمەوە واتە ساڵی1994 کە بە قۆناغێکی گرنگ و تا رادەیەک کاریگەر دادەنرێت، لەم قۆناغەدا کە ماوەی 3 ساڵی خایاند حەماسی تاکی کورد تا ئاستی لووتکەی خۆی هەڵکشابوو، لەوی مرۆڤی کورد بەردەوام لەناو خۆیدا هەڵگری سەرجەم ئەو ئامادەییانە بوو لە پێناو مانەوە و بەرگریکردن لەو رۆحە نەتەوەییەی خۆی، ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە کە سەرەتای دروستبوونی ئەدەبیاتێکی کراوەی کولتوریی و نەوەیەکی وشیار و خوێنەرێکی زۆری کوردیزمانی لێکەوتەوە کە بێگومان کاریگەریی خۆیان بەسەر سالآنی داهاتووی کایەی رووناکبیریی کوردیدا هەبووە، جێپەنجەیان دیار بوو، هەر لەو قۆناغەدا یەکەمجار بووخەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵ کەشێکی سەرەتایی دیموکراسییانەدا پەیدا بکات بەوەی کە زۆرترین رێژەی دەنگدەران بەشداریی پرۆسەیەکی گرنگ و نوێی هەڵبژاردن کرد کە بۆ ئەوسا پێشکەوتن و گۆڕانێکی نەوعیی بوو نەک تەنها لەم ولأتەی خۆماندا بەڵکو لەتەواوی خۆرهەلأتی ناوەڕاستدا، لەدوای ئەم هەڵبژاردنەدا یەکەمینجار بوو کورد ببێتە خاوەنی دامەزراوەی مەدەنی خۆی و خۆی بەڕێوەیببات، دیارە ئەم قۆناغە زۆرتر لەو روونکردنەوەیەی من هەڵدەگری بەلأم لەم دەرفەتە کورتەدا هەر ئەوەندە بوار دەبی کە بە کورتی ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی بکەم. قۆناغی دووەمی ئەم 15ساڵەی دوای راپەڕین لە ناوەڕاستی 1994 ساڵی لێکترازانی هەر دوو پارتی سەرەکی و دابەشبوونی ئیدارەکانەوە دەستپێدەکات تا رێککەوتنامەی واشنتۆن واتە دواییەکانی ساڵی 1998، ئەم قۆناغە کە چوار ساڵی خایاند بە یەکی لە قۆناغە هەرە تاڵەکانی ئەزموونی ئەم 15 ساڵە دادەنرێت، لەم چوارساڵەدا ئەوەی کە لە سی ساڵی دروستبوون و پێکهێنانی بونیادی رۆحی کوردبوون و دامەزراوەیبوونی کایەکانی ئیداریی رێکیخستبوو خرانە بەردەم هەرەس و نائومێدییەکی سەراسیمە، لەوێوە مرۆڤی کورد لەبەردەم تێکشکان و دڕدۆنگیدا دەوەستێتەوە بەوەی کە حاڵەتێکی ئەوەندە نالەبار دەبینی، سیما و دیاردەیەکی تری نوی بە کۆمەڵگای کوردی دەبەخشی ئەویش دیاردەی جێهێشتنی ولأت و رووکردنە هەندەران بوو، لەم ماوە تاڵەدا سەدان هەزار مرۆڤی کورد دەربەدەر دەبی و هەندەران دەیانگرێتە خۆی، وێڕای ئەوەی بەدەیان هەزاریش رووده‌کەنە چەکداریی و چەندین کارەساتی جەرگبڕەش بەدوای خۆیدا دێنی کە مرۆڤ هەرگیز قەستی ئەوە ناکات بیری لێبکاتەوە. هەڵبەتە ئەم ماوەیە بارودۆخی دیبلۆماسی عێراقیش تا دەهات بەرەو خراپی دەچوو کە راستەوخۆ لەداتەپینی ئیحساسی مرۆڤبوونی کورددا بەشداربوو، لەتەک بەردەوامیی پەرتەوازەیی ناو ریزەکانی هێزە کوردییەکاندا. داهێنان و ئاکتیڤیتی کایەی رووناکبیریی لە سستییێکی راشکاوانەدا خۆی دەبینییەوە، هەوڵی تاک و تەرا لەئارادابوون بەلأم توندوتیژیی و کۆنترۆلی فەزای پەرتەوازەیی هەرگیز بواری لەدایکبوونی نەفەسی جیددی و کارای نەدەدا، بۆ چارەسەریی ئەو حاڵەتە شپرزەیەش حەتمەن ئەوەی کە پێویستبوو بە پلە یەک بوێریی و جورئەتی کەسی رووناکبیر بوو، بەوەدا کە رووناکبیرانیش دابەشبوون، کۆمەڵێک دەنگ نەبوون بە کوڕی سەردەمی خۆیان و سەرەنجامیش بەکۆتاییهاتنی دەنگی خۆیان قۆناغەکە کۆتاییهات، ئەگەر بێینە سەر قۆناغی سێهەمی 15 ساڵی

رابردوو ئەوا لە ریککەوتننامەکەی واشنتۆنی سالی 1998وە تا رووخانی رژیمی سەدام واتە بەهاری 2003، ئەم 5 سالە کە دەکری بە سەرەتای لەیەکتریکبوونەوەکانی دا بنیین پربوون لە چاوەروانیی، لە سیمای هەریەکیکماندا ماندووبوونیکی بیمانا بەدەردەکەوت، هەمووممان بەگومان بووین لەوەی کە جاریکی تر لەسەر تەنها خوانیکی دەسەلاتدا هەموو لایەک بەشداربیت، سەرجەم هیز و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان بینەوە و دەستبکەن بە زەمینەخۆشکردن تاکو باوەر و جورئەت بە ئاسایی بیتە وجود، لەویدا تونـد وتیژییەکان خاودەبوونەوە، لەنیوانی ئەگەری دووری و نزیکبوونەوەدا هەمیشە نەفەسیکی دریژ هەبوو، سەدان دانیشتنی دانوسانئامیزی پاشماوەی ئاگربەسەکانی رابردووی بەدواداهات، رۆژ لەدوای رۆژ بیمانایییەکانی دووبەرەکیی و یەکتر قەبولنەکردن بەدەردەکەوتن و مەترسیی تیرۆریی نیودەولەتیش بەرە بەرە بەرەوی دەسەند، تەقینەوەکانی نیۆیۆرک و روخانی دەولەتی تالیبانیش لە هەولی گۆرانی ئاراستەی سیاسیی زۆرینەی دەولەتانی دنیا بوو لە بەرامبەر ئەو مەترسییانە، دواتریش ئیدامەی شەرە نیودەولەتییەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانانی گەیشتە عیراق و تا بە سەرنگومبوونی رژیمی سەدام کۆتاییهات، لە دوای ئەم رووداوەدا کە دەکری بە چوارەمین قۆناغی ئەم 15 سالەی دوای راپەرین دابنریت هەمووممان بە گومان بووین لە چارەنووسی خۆماندا، هەمیشە لەنیوان ئەگەرەکاندا خولمان دەخوارەوە، دەولەتیک کە جەستەکەی یەکپارچە چەکیکی ئامادەی تەقینەوە بوو، عیراق لە نیوان تینویتی خەلک و پیکهاتە جیاجیاکانی و ئەوانەی کە دەسەلاتیان لەدەستچووبوو و لە ژیر سایەی ئایدۆلۆژیای شەرانییەکەی تیرۆر و دەمارگیریی ئاییندا، پەرەیان بە نانەوەی ئاژاوەکان دەدا، لەویدا کورد لە هەلویستیکی چاوەروانیدا خۆی بینییەوە، رەنگە ئەم قۆناغە بۆ کورد بەوە بناسریتەوە کە قۆناغی باوەر و متمانەۆ لەیەکتریکبوونەوەکانە، گرنگترین شت کە لەم قۆناغەدا لە هەلویستی سیاسیی کوردا بەدیکرا ریککەوتنبوو لەسەر یەکگوتار و یەکهەلویستی سیاسیی، ئەمەش گەورەترین پالپشت و گرەنتیی بوو بۆ روانین لە ئایندە هاوکات بیهوودەییەکی گەورەی بۆ ناحەزان نایەوە، ئیستایش کە لەسەرووبەری پیکهینانی حکومەتی نویی عیراقداین و لەنیو فەزای ئەم قۆناغەداین، خەونی یەکگرتنەوە و تیکەلبوونەوەکان بوون بە واقیعیک، فرەحیزبیی و یەکتر قەبولکردن لە قۆناغیکی پیشکەوتووتردایە. بەلام هەرگیز مانای ئەوە نییە کە دەستبەرداری گەشە و هۆشیارییەکانی دیموکراسیی بین وخەونی ئاسودەتربوونی ژیان و خۆشگوزەرانی لەیاد بکەین،، دواجار لەوبروایەدام کە گەر بیتو قسە لە راپەرین بکریت دەبی رەنگدانەوەکانی دوای راپەرین فەرامۆش نەکری و شرۆڤە بکرین..............

jamalpira@yahoo.com